


# سێ فۆرمی گران

ئەنوەر مەسیفی

Scanned with CamScanner

بزاف ٤٢

# فۆرمی گران

## ئەنوەر مەسیفی

هەولێر ———— ٢٠٠٦



Scanned with CamScanner

١ـ لەهاوینی ساڵی ڕابردوودا، پلەی گەرما لەسەر بەرزترین لوتکەکانی کوردستانی ئازاد لەپلەی گەرمای ئاسایی لەشی مرۆڤ بەرزتر نەبووەوە.
٢ـ نالی هونەری شیعری لەناو دەستی فەقێیان دەرهێناو فڕێی دایە ئاسمان.
٣ـ ئەنشتاین، زانست و فیکری تێکەڵاوی یەکتری کرد.
٤ـ تەمبوور قوڕ
لەبەر بارانی کەون
سییەکانی لەدێرێ دانا

لەم چوار خاڵانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین:
خاڵی یەکەم: ڕستەی هەوا شوناسە.
خاڵی دووەم: ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگرە.
خاڵی سێیەم: قسەی ڕووناکبیرە.
خاڵی چوارەمیش: شیعرە.

لەکاتی بەراوردکردن لەنێوان هەر چوار خاڵیشدا، خاڵی چوارەم بە نائاسایی لەهەرسێ خاڵەکەی تر جیا دەکرێتەوە. هۆی نائاسایی خاڵی چوارەمیش ئەوەیە کە شیعرە.

نائاسایی لەشیعردا واتە نائاسایی لەواقیعدا. نائاسایی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ نائاسایی زمان و نائاسایی واقیعیش دەگەڕێتەوە بۆ نائاسایی دەستور.



Scanned with CamScanner

شیعری نائاسایی ← زمانی نائاسایی
واقیعی نائاسایی ← دەستوری نائاسایی
دەستوری نائاسایی ← زمانی نائاسایی
شیعری نائاسایی ← واقیعی نائاسایی

شیعری نائاسایی چۆن دەخوێندرێتەوە؟

بێگومان ئاسایییانە ناخوێندرێتەوە، چونکە لەکاتی خوێندنەوەیدا زمان ئاسایی نییە، بەڵکو لەپڕو لەهیکڕا خوێنەر بەرەو چەندین کات و شوێنی هەبوو یان نەبوو دەباو لەهەمان کاتیشدا لەپڕو لەهیکڕاش هەمان خوێنەر بەرەو چەندین دەرەوەی کات و دەرەوەی شوێن دەبا.

ئەو خوێنەرەی بەپێی باری نەفسی خۆی شیعری نائاسایی وەلا دەنێ، نەك لەبەرئەوەی کە شیعرەکە لەڕووی زمانەوە لەنگ و سەقەتە، نەك لەبەرئەوەی لەڕووی فیکرەوە هەڵەی تێدایە، بەڵکو هەر لەبەرئەوەی کە تێی ناگاو گوایە بێ مانایەو دیارە لای ئەو جۆرە خوێنەرە ئاسایی بوون یەکەم تەرازووی زێڕینی شیعرە.

شیعری ئاسایی واتە واقیعی ئاسایی.

واقیعی ئاسایی نەما. ئێستا واقیعی بە کیمیا خنکاندن و زیندە بەچاڵکردنی بە کۆمەڵ و ئەنفالکردنە. ئێستا واقیعی بازرگانی کردنە بە ئاوو بازرگانی کردنە بەگورچیلەی مرۆڤ. من ئەو کارەساتانە بە مانیفێستی یەکەمی فۆرمی گران دادەنێم.

ئەو خوێنەرەی ئاسایی بوون بە تەرازووی یەکەمی زێڕینی شیعر دادەنێ، ڕابردووە. خوێنەری ڕابردووش بە دیتنی شیعری نائاسایی سارد دەبێتەوەو لەهەمانکاتیشدا لێی دەترسێ. هەربۆیەشە ناتوانێ تەماشای ئێستاو داهاتوو بکات، چونکە شیعری نائاسایی لەکات و ناکات و شوێن و ناشوێن زمانی خۆی دروست دەکات.
ڕابردوو تەنیا تەماشای ڕابردوو دەکات.
ئەو خوێنەرەی پەی بەلەنگی و سەقەتی نائاسایی دەبات، بۆ نایدرکێنێ؟ ئاشکرا کردنی لەنگی و سەقەتی شیعری نائاسایی چ لەڕووی زمانەوانییەوە بێ، چ لەڕووی فیکرەوە بێ، زۆر بۆ خوێنەر باشترە لەوەی بڵێ تێی ناگەم و بێ مانایە، ئەگەرنا ئەوا جێی خۆیەتی هاوار بکرێ:
ئەرێ هۆ ئۆممەتی تەیرو توارناس، قەت بیستووتانە کێشکە لەهەڵۆ بگات؟
لەگەڵ ئەوەی کە ئەزموونی شاعیر جودایە لەگەڵ ئەزموونی خوێنەر، کەچی خوێنەر هەیە بەپێی باری نەفسی خۆی شیعر دەخوێنێتەوەو ڕاوبۆچوونیشی لەسەر دەدات. خوێندنەوە شتێکەو ڕاوبۆچوونیش شتێکی ترە.
خوێندنەوە، یەکێکە لەو مافانەی کە شاعیر بەهەموو خوێنەرێکی داوە، بەڵام مافی جڵەو گرتنی شیعر ناداتە دەست هەموو خوێنەرێك



Scanned with CamScanner

(گـوێی لێ دەگـرێ، بـەڵام بـەگوێی ناکـات)، چـونکە شـیعر هەیـە نـاگیرێ، وەك ئـەو ئەفـسانانەی کـە هێـشتان ڕوویـان نـەداوەو نەگیراون.

شاعیر مافی جلەوگرتنی شیعر دەداتـە دەست ئـەو خوێنـەرەی کـە ڕۆشنبیرییەکی تێری لەبارەی هەموو زانیارییەکانەوە هەیە.

زۆری و بـۆری شـیعری ئاسـایی خوێنـەری ئاسـایی دروسـت کـردو وای لەخوێنـەریش کـرد کـەوا تـێ بگـا ئاسـایی بـوون بەیەکـەم تـەرازووی زێڕینـی شـیعر بزانـێ یـان تێگەیـشتن لەشیعردا سـەنگی مەحەك بێ.

لێـرەدا جیاوازییـەکانی* نێـوان شـیعری نائاسـایی و خوێنـەری ئاسایی بەدەردەکەون و جیاوازییەکانیش ئەمانەن:

١ـــ بەکارنــەهێنانی تــەواوی کەرەســتەکانی خاڵبەنــدی و بەکارنـەهێنانی هەنـدێ ئـامراز، وەك (و ـ کەچـی ـ بـەڵام ـ وەك ـ چـونکە)، چـونکە ئەمانـە زیـاتر بـۆ پەخشان و نووسـینەکانی تـر دەشێن.

٢ـــ بـەکارهێنانی درامـای بـزرو خـۆ دوورخـستنەوە لـەدرامای ئاشکرای پیەس و چیرۆك.

٣-شـکاندنی یاسـای گێڕانـەوەی فیکرەیـەکی دیـارکراوو پـشت بەسـتن بـەهێزی داڕشـتنی زمـان، چـونکە زمـان خـۆی لەخۆیـدا مەعبەدی فیکرە.

٤- تێکـشکاندنی میتۆلۆژیاکـان و سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەیان لـەناو کـوپێکی پـڕ کولتـوورو سـرووتی خۆمانـە. ئەمـەش بـەڕێگای ئیحا وەرگرتن، نەك بەڕێگای گوازتنەوەو تێ ئاخنین.

٥- بەکارهێنانی وشەی تایبەتی منداڵیی، نەک پەنا بردن بۆ فەرهەنگی تایبەتی کەسانی تر.

٦- بەکارهێنانی وێنەی شیعری هاوتەکنیکی پڕ هونەروەشاندن بە مەبەستی دیارخستنی فیکرو فۆرمی گشتی لەجیاتی بەکارهێنانی ناوەرۆکێکی هەقایەت ئامێز.

٧ـ بەرەڵلاکردنی نەفەسی هونەری و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو وێنەو ڕستانەی کە نەبیستراون، یان لەبیرکراون بگوترێن.

٨ـ دامەزراندنی تەکنیکێکی شیعری، دووربێ لەو فۆرمانەی کە بەماندووبوونی کەسانی تر دارێژراون.

٩- سوود وەرگرتن لەهەموو هونەرەکان و بەپلەی یەکەمیش لەهونەری شێوەکاری و هونەری مۆسیقا، چونکە هەر ئەو دوو هونەرە دەتوانن بێنە ناو ئیمپراتۆریەتی شیعرو لەناو نەچن.

١٠ـ ئازادکردنی شیعر لەناو قەفەسی جەماوەر.

ئابی ١٩٩٣.

*ئەم مانیفێستە لەژمارە (٤٩٥ی ساڵی دووەمی ڕۆژی ١٩٩٣/٩/٢٨)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.



Scanned with CamScanner

# مانیفێستی چوارەمی فۆرمی گران

لەمێژە سروشت دەچەوسێتەوەو بۆیەش من پێم وایە سروشتیش هەندێ لەو بەهایانەی کە شانازی پێوە دەکات، لەدەستدەداو ئەویش ڕۆژێ دادێ مەرگی خۆی ڕابگەیەنێ و ئیدی ئەوەی کە بۆی دەمێنێتەوە، تەنیا ئەو چەند ملیۆن ساڵەیە کە وەك ژەنەڕاڵێك، ئاسۆییانە زەوی بەڕێوەدەبرد. واتە سروشتیش دەبێتە فانتازیا، چونکە سروشت کائینێکی ئاسۆییە. من لۆ خۆم پێڵاوم پێ لەگوڵ جوانترە. ئۆپێرام لەبەهار لەقەلب خۆشترە. شیعریش لەڕۆکێت دەکات، ئەویش وەك ڕۆکێت پێویستی بەوە هەیە خۆی ڕزگار بکات لەو هەموو بارانەی کە لەمێژەوە دەیچەوسێننەوەو ئەگەر ئەو بارە ماندووانەش فڕێ نەدات، ئەوا بێگومان سپی دەبێتەوەو لەوانەشە چیتر هیچ بەهیچ نەکات. شیعر یەکەمجار ستوونی بوو، دەبێ ستوونییانەش پەرە بەخۆی بدات.

ئەوهانەیە ستراکتۆرەکانی مانەوەیان ئەوەیە گەمەکانی پێشوازیکردن لەداهاتوو. ئەم خۆ ڕزگارکردنەی شیعریش لەو بارانەی کە لەمێژ ساڵە بەدوای خۆیاندا ڕایاندەکێشێ، کاتی خۆی دێ، چونکە ئەگەر زلەیەك لەو هەموو بارانە نەدات، ئەوا دوور نییە دووچاری پەتای فەرامۆشی ببێ و ئەوکاتەش هیچ بەهیچ نەکات.

سروشت یەکێکە لەو بارە ماندووانەی کە لەمێژە شیعر دەیەوێ لەدەستی ڕابکات. هەروەها شیعریش لەمێژ ساڵە یەکێکە لەو بارانەی کە مرۆڤ دەیەوێ زیندەبەچاڵی بکات. مرۆڤ کائینێکی ستوونییە.

سروشت و شیعرو مرۆڤ هاوکێشە پارادۆکسییەکەی کەونن. واتە هەرسێکیان لەواقیعدا هەن و لەواقیعیشدا نین، ئەگەر لەفەلسەفەی کەون نەگەیشتبن. کەون هەوایەکی ستوونییە. ئەگەر زمان پێناسە فەلسەفییەکەی شیعر بێ، ئەوا مانای وایە شیعر کائینێکی زیندووەو هەربۆیەشە شیعر بەردەوام خۆی بۆ داهاتوو ئامادە دەکات و دەیەوێ خۆشی لەسروشت ڕزگار بکات، چونکە ئەگەرچی سروشت کائینێکی زیندووە، بەڵام کائینێکی زیندووی نەگۆڕە. واتە سروشت کائینێکی زیندووە، بەڵام ئاسۆیی گەشە دەکات.

من لۆ خۆم کارەبام پێ لەئەستێرە درەوشاوەترە. ئیجا لەدیتنی کیسەڵێك وەردەگرم نەك لەدیتنی دار سێوێك.

مانەوەی سروشت و شیعرو مرۆڤ کەونیان بێزارکردووە. دەبێ یەکێکیان بفەوتێنێ. داهاتوو هەر بۆ کەونە، چونکە کە کەون هەبوو، نە سروشت هەبووە، نە شیعر هەبووە، نەمرۆڤ. ڕابردووش وەك فانتازییایەکی کەونی هەوای خۆی بەردەکەوێ، ئەگەر داهاتووی هەبێ.

ئەگەر کەون وادەی ئەوەی هاتبێ مانیفێستی خۆی جاڕبدا، ئەوا یەکەم: ئێمەی مرۆڤ دەبێ خۆمان ئامادەکردبێ بۆ پێشوازیکردن لەپارادۆکسییەتی کەونی، ئەگەرنا دوور نییە حەیوانێکی لەئێمە پارادۆکسیتر کەون فڕێی بداتە سەر زەوی و ئێمەش ببینە فانتازیا.

دووەم: سروشت ڕزگاری دەبێ لەو هەموو چەوساندنەوەیەو چیتریش وەك چڵك، فۆرمی پاکی شیعر و مرۆڤ ناشێوێ، چونکە سروشت تا دێ ئەو بەهایانەی کە شانازییان پێوە دەکات، لەناو دەچن و ئەو ژەنەڕالییەتەی کە هەشی بوو، نایمێنێ.

سێیەم: شیعر پاك دەبێتەوە، چونکە مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەماناکانی کەون بدات، لەبەرئەوەی کائینێکی هەمیشە زیندووەو نەگۆڕ نییە و کێ شیعر دەڵێ؟ مرۆڤ یان سروشت؟ شیعر هەوایەکی ستوونییەو سروشتیش هەوایەکی ئاسۆییە.

چاخی سروشت تەواو، ئێستا کەون خۆی بۆ چاخی کەونییەت ئامادە دەکا و بەڕێوەیە، واتە چاخی ئاسۆیی تەواو دەبێ و چاخی ستوونی دەست پێدەکات.
من لۆ خۆم تۆپێکم پێ لەهەناریك هاوچەرخانەترە. زیاتر خەون بەژنان دەبینم، نەك بەباخچەیەك.
کە شیعر ئامادە دەبێ بۆ پێشوازیکردن لەچاخی کەونییەت، دەبێ نە هەر کاژی ئیلهامەکانی سروشت فڕێ بدات، بەڵکو دەبێ دەستبەرداری هەوای گوندانی و هەوای شارانەشی بێ، چونکە دوو هەوای ئاسۆیین، ئەوکاتە لەهەوای کەونییەت نزیك دەبێتەوەو پارادۆکسییەتی کەونییەتیشی دەدرەوشێتەوە. لێرەدا شیعری کەونی جاڕنامەی خۆی ڕادەگەیەنێ و چیتریش نابێتە بەشێك لەو بارانەی کە کەونیان بێزار دەکرد.زمانی شاعیری گوندانی و زمانی شاعیری شارانە هێشتان پڕی ئەو سێ ئیلهامە سروشتییەن کە لەمێژە فۆرمی پاکی شیعرو مرۆڤیان شێواندووە. هەر ئەو سێ ئیلهامە سروشتییەشن کە بەدرێژایی مێژوو وەك ژەنەڕاڵ فیکری پاکی مرۆڤ و شیعریان لەخاچ دەدا. من براکوژی بەمانیفێستی سێیەمی فۆرمی گران دادەنێم، چونکە براکوژی چڵکی سێ ئیلهامە سروشتییەکەیە. دەزانن ئەو سێ ئیلهامە سروشتییەش چین؟ کە من بەستراکتۆری براکوژی و شێواندنی فیکری پاکی شیعر و مرۆڤیان دەزانم، ئەمانەن:
١ـ فەرمانسالاری. ٢ـ پەرستن. ٣ـ قەبرستان.
کە بەسێکوچکەی چاخی ئاسۆیی دەناسرێن. ئێستا کەون، خۆی بۆ کەونییەت، واتە بۆ چاخی ستوونی خۆی ئامادە دەکات و لەهەوڵی ئەوەشدایە خۆی لەو هەموو بارانە ڕزگار بکات و ئیدی ئەو کاتەش شیعرو مرۆڤ بەرەو:
١ـ ئازادی. ٢ـ کبریا. ٣ـ ژیان.



Scanned with CamScanner

دەچن کە سێکوچکەی سەرەتای چاخی ستوونین، پێکەوە هەنگاو دەنێن و هەوای گوندانی و هەوای شارانەش دەبنە فانتازیا و چاخی ئاسۆییش دەبتە فانتازیا.

من لۆ خۆم چێژ لەپەیکەرێك دەبینم نەك لەدارستانێك. جارێکی تر کەون نابێتەوە کەشتی نوح، چونکە کەشتی نوح وەرچەرخانێکی ئاسۆییە، وەرچەرخانێکی ستوونی نییە لەچاخی کەونییەتیشدا، واتە لەچاخی ستوونیشدا دەبێ شیعر بەئاگابێتەوەو چیتریش بەئیلهام فریو نەدرێ، چونکە ئیلهامیش چڵکی سروشتەو واتە ئیلهامیش هەوایەکی ئاسۆییە. لەچاخی هەوای ستوونیدا، شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێ کە پڕی فرمانی داخوازی بوون، شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێت کە ئاوسابوون بەئامرازی بانگکردن و هانا بردن و هەروەها شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێ کە دوو کێلیان دەست بوون.

من لۆ خۆم دەنووسم:

- پێڵاو کەپوومانە.

نانووسم:

- پێڵاو لەپێکەن.

من لۆ خۆم دەنووسم:

- مانگ لەناو کەپوومان هەڵدێ.

نانووسم:

- ئەی مانگ لەکوێی؟

من لۆ خۆم دەنووسم:

- پێکەنین کەپووی ژیانە.



Scanned with CamScanner

نانووسم:
- پێکەنینمان لەکەپوو هاتەوە.

## دوارۆژەکانی ساڵی ۲۰۰۳

*ئەم مانیفێستە لەژمارە (۱)ی گۆڤاری شین بڵاوکراوەتەوە.



Scanned with CamScanner

# مانیفێستی شەشەمی

# فۆرمی گران

ئەگەر زمانی ئەدەب بخوێندرێتەوە، مانای وایە خولقانێك قەوما، چونکە ئەگەر گوترابێ زمان کائینێکی زیندووە، ئەوا زمانی ئەدەب کائینێکی پارادۆکسییە.
زمانی ئەدەب باری نەفسی ئەدەب لەنەفەسی نووسەرەوە بۆ نەفەسی خوێنەر دەگوازێتەوە، هەربۆیەشە کاری ئەدەبی لەقالبی زۆربەی خوێنەران خۆش نییە، ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندییە ڕاستەقینەکانی ئەدەب و ئەگەر زمانی ئەدەبیش باری نەفسی ئەدەب لەنەفەسی خوێنەرەوە بۆ نەفەسی نووسەر بگوازێتەوە، ئەوا مانای وایە زمانی ئەدەب کائینێکی پارادۆکسی نییەو ئەو کاتەش زمانەکە لەقالبی زۆربەی خوێنەران خۆشە، ئەمەش یەکێکە لەعەیبەکانی ئەدەب.
زمانی ئەدەب پێشەوای زمانی نووسینەکانی دیکە نییە، چونکە زمانی ئەدەب کائینێکی پارادۆکسییەو زمانی نووسینەکانی دیکەش کائینێکی زیندووە. واتە زمانی ئەدەب و زمانی نووسینەکانی دیکە، دوو کائینی جیاوازن.
هەر بۆنموونە یەك لەجیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو کائینە، خوێنەرە.
ئەگەر خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی زمانی هەر نووسینێك هەستی بەپارادۆکسییەتی خۆی کرد، ئەوا مانای وایە ئەو زمانە کائینێکی پارادۆکسییەو نووسینەکەش ئەدەبە، ئەگەر وتارێکی ئاساییش بێ، بەڵام ئەگەر خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی زمانی هەر نووسینێك هەستی



Scanned with CamScanner

بەزیندوویێتی خۆی کرد، ئەوا مانای وایە ئەو زمانە کائینێکی زیندووەو نووسینەکەش ئەدەب نییە، ئەگەر شیعریش بێ.
دووەم جیاوازی لەنێوان ئەم دوو کائینەدا، کات و شوێنە.
کات و شوێن لەزمانی ئەدەبدا لەواقیعدا نین و لەواقیعیشدا هەن. واتە کات و شوێن لەزمانی ئەدەبیدا کائینێکی پارادۆکسین، بەڵام کات و شوێن لەزمانی نووسینەکانی دیکەدا تەنیا لەواقیعدا هەن. واتە کات و شوێن لەزمانی نووسینەکانی دیکەدا کائینێکی زیندوون.
هەندێ پرسیار هەن، لەوانە:
ڕەخنە ئەدەب بەڕێوە ببات؟ یان ئەدەب ڕەخنە بەڕێوە دەبات؟ ڕەخنە زمان بەڕێوە دەبات؟ یان زمان ڕەخنە بەڕێوە ببات؟ ئەدەب زمان بەڕێوە ببات؟ یان زمان ئەدەب بەڕێوە دەبات؟
ئەگەر دیکارتی فەیلەسووف پێی وابێ لەناو دەروونی هەر مرۆڤێکدا خاڵێکی داگیرساو هەیە، ئەوا زمان ئەو خاڵە داگیرساوەیە لەئەدەبدا.
هەروەها ڕەخنەی ئەدەبیش، ئەگەر خاڵە داگیرساوەکە نەبینێ، تێزە یان ڕیپۆرتاژە. کەواتە لێرەدا ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی خاڵە داگیرساوەکەی ئەدەبی نەبینی، ئەوکاتە ئەدەب لەجیاتی ڕەخنەگر، پەخشانگری هەیە.
زمان سەنتەری ئەدەبە، پێکهاتەکانی دیکەی ئەدەب کە ڕەخنەی ئەدەبی ئیشیان تێدا دەکات، کەنارن.

ئەو سایکۆ ڕەخنەیەی کە فرۆید لەموساو تەورات و تاکپەرستی گرت یان کاتێ باشلار باسی جیاوازییەکانی نێوان ڕووناکی ئاگردان و ڕووناکی مۆم دەکات، هەروەها ئەو شاعیرەی کە گوتوویە ((تەنها من بەپێڵاوەوە لەدایکبووم)) یان مامی پەریخان لەبەیتی برایمی زێندینانـدا کە برایمی بەفربردوو ڕووت دەکاتەوەو هەر سێ ژنەکەی خۆیشی بەڕووتی

بەبرایم دادا یان لەڕۆمانی جینی ئالان ڕۆب گرێدا کاتێک مامۆستایەکی زانکۆ وانە بەمندالآن دەڵێتەوە، دەڵێ: باوکم لەناو دەریا مرد. جێن کە یەکێکە لەمنداڵەکان، بەمامۆستاکە دەڵێ:
بڵێ باوکم لەناو دەریا خنکا، نەك مرد.
ئەم کارانە خاڵە داگیرساوەکەن. کەواتە زمان، ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بەڕێوە دەبات، ئەگەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیش زمان بەڕێوە ببەن یان ئەدەب ڕەخنەی ئەدەبی بەڕێوە ببات یان بەپێچەوانەوە، ئەوا خاڵە داگیرساوەکەی ئەدەب نابیندرێ، ئەوکاتەش ڕەخنەی ئەدەبی کار لەئەدەبێك دەکات کە ئەدەب نییە یان ئەو نووسەرەی ئەم کارە دەکات، ڕەخنەگری ئەدەب نییە.
هەموو کەنارەکان لەپێکهاتەی نووسینەکانی دیکەدا سەنتەرن، تەنیا لەئەدەب سەنتەرو کەنار هەیە.
سەدەی ڕابردوو، سەدەیەکی کرێت بوو. ئەگەر هەندێ کاری ئەدەبی لەو سەدەیەدا نەنووسرابان، ڕەنگە هێلکەی زمانی ئەدەبی حەرامە ببوایە، چونکە زمانی ئەدەبی لەو سەدەیەدا عندلحۆپانە گەمەی دەکرد.
واتە زمانی ئەدەبی کەوتبووە ژێر کاریگەری هەندێ ئایدۆلۆژیای ناکۆك و لەمەش زیاتر، ببووە سەرەڕمی زمانی نائەدەبی.
نۆڤلێتی مەسخی کافکاو شانۆنامەی لەچاوەڕوانی گۆدۆی پیکیت و چامەی وێرانە خاکی ئەلیەت بەرزگارکەری زمانی ئەدەبی دادەنرێن، چونکە زمانی ئەدەبیان لەشیعارات و لەگەمەی عندلحۆپانە دوورخستەوەو نەیانهێشت زمانی ئەدەبی گەنی ببێ و نەشبوونە یەکێك لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە ژمارەیان لەسەدەی ڕابردوودا لەپاشەڕۆی مرۆڤ و باڵندەو حەیوانات زیاتر بوو.
زمانی ئەدەبی پاراسایکلۆژییانە گەمە بە نەفسی خوێنەر دەکات، نەك عندلحۆپانە. واتە ئەگەر زمانی ئەدەبی لەهێزی پاراسایکۆلۆژیا بەدەربێ، ئەوا دەبێتە پەخشانلۆژیا.



Scanned with CamScanner

گرنگی زمانی ئەدەبی لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا لەوەدایە کە بەپێی تەرازووەکانی ئایدیۆلۆژیا کار نەکات. هەر بۆنموونە، لە ئەدەبی کوردیماندا چەندین بەرهەمی ئەدەبی لەسەر جەمیلەی جەزائیری و سەبراو شاتیلای فەلەستینی و هەتا لەسەر کێشە ڕەواکانی خۆشمان، مخابن زۆر بەکرێتی کەوتنە ژێر کاریگەری هەندێ ئایدیۆلۆژیای ناکۆك و بەزمانێکی نائەدەبییانەش نووسران و هیچیشیان نەبوونە شاکاری موئەشیری ئەدەبی. بۆ؟

چونکە زمانی ئەدەبی لەو بەرهەمە ئەدەبییانەدا، هێزی پاراسایکۆلۆژیایان نەبوو، بۆیە بەئاسانی بوونە بەشێك لەسێبەرە کرێتەکەی سەدەی ڕابردوو. دەبێ زمانی ئەدەبی، مرۆڤی پارادۆکسی بینووسێ، نەك مرۆڤی ئایدیۆلۆژیست، چونکە ئەدەب هاوپێك و پاشکۆو فەرهەنگۆکی ئایدیۆلۆژیا ناکۆکەکان نییە.

زمانی ئەدەب کەونییەو مفاو زیانیشی نییە، واتە نە لەبەرژەوەندی شتێکەو نە لەدژی شتێکیشە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەموو شتێکە.

بۆ؟

چونکە زمانی ئەدەب جانتایەکی پڕ فۆرمی گرانە، نە بەهەموو خوێنەرێك دەکرێتەوەو نە بەهەموو نووسەرێکیش دەگۆزرێتەوە. ئەو نووسەرەی بەفووێك نەفەسی خوێنەران بۆ ناو نەفەسی نووسینێکی خۆی بگوازێتەوە، نووسەرێکی گرنگە، بەڵام ئەدەبی نەنووسیوە.

ئایینەکان زۆر بەئاسانی بڵاو نەدەبوونەوە، هەروەها ئایینەکان نەیانتوانی یەکتر ڕەش بکەنەوە. هەر بۆنموونە، چۆن هەتا ئێستا لالش ماوە؟



Scanned with CamScanner

ئەگەر ئایینەکان تەنیا پێیان کرابێ یەکتر ڕەت بکەنەوە، ئەی چۆن دەکرێ زمانی ئەدەب ڕەش بکرێتەوە، لەو کاتەی کە زمانی ئەدەب کەونییەو ئایینەکانیش مفاو زیانیان هەبێ؟
ئەگەر ڕەشکردنەوە هەوای دیکتاتۆران بێ، ڕەتکردنەوە هەناسەی دیموکراتخوازانە.
لەگینە زمانی ئەدەب ڕەت بکرێتەوە، چونکە مفاو زیانی نییە، بەلام زمانی ئەدەب ڕەش ناکرێتەوە، چونکە کەون بە کەس ڕەش ناکرێتەوە.
هەر بۆ نموونە، وەك ململانێی ئەدەبی: جۆرج ئۆرویل نەیتوانی جیمس جۆیس ڕەش بکاتەوە. وەك ململانێی ئایدیۆلۆژیاو ئەدەب: جدانۆڤ نەیتوانی باسترناك ڕەش بکاتەوە.
بۆ؟چونکە، ئەگەرچی فیل حەیوانێکی زۆر گەورەیە، بەلام گۆشت ناخوا، هەروەها گوتراویشە:کەر هەتا شەیتان نەبینێ، زەڕینی نایێ و کەڵەبابیش تەنیا کە مەلائیکەتەکان دەبینێ، دەقووقێنێ.
ئەگەرچی ئایینەکانیش گرانن، بەلام ئەدەب وەك ئایینەکان، یەك: تێکەڵی مەیل و ئارەزووەکانی خوێنەر نابێ، چونکە ئەدەب جارنامەیەکی فێرخوازی نییە. دوو: سەر بە دوو فەلسەفە باوەکەش نییە، بەڵکو ئەدەب کتێبی سێیەمە.
هەردوو فەلسەفەکە بۆیان هەیە کتێبی سێیەم ڕەت بکەنەوە، بەلام ناکرێ ڕەشی بکەنەوە، چونکە ئەگەر شتەکانی جیهان هێزێکیان هەبێ و هیگڵیش ئەم هێزەی ناو نابێ ڕۆح، ئەوا ئەو هێزە لەئەدەبدا زمانە.
چونکە شتی تەقەتکراو هێشتان ماون و کە ئەدەبیش یەکێکە لەو شتە تەقەتکراوانە، کەواتە بۆ ئەدەب چۆك بۆ سروشت دابدات؟ لەوکاتەی کە، یەکەم: زمانێکی غەیبی ئەدەب بەڕێوە ببات.
دووەم: سروشت لەقەیران دابێ و ئەو یاسایانەی کە سروشتیش بەڕێوە ببەن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاشکرا بن.


Scanned with CamScanner

سروشت بەبەردەوامی پێناسە بۆ شتەکان دادەنێ، لەترسی ئەوەی نەبادا لەناو بچێ، بەڵام لەئەدەبدا پێناسەی هیچ شتێك گرنگ نییە، کەواتە ترسی لەناوچوونی سروشت لەئارادایەو ئەوانەی پێشیانوایە ئەدەب لەقەیراندایە، ئەوانەن کە سروشت بەڕێوەیان دەبات، واتە چاو لەسروشت دەکەن.زمانی ئەدەب هەموو شتێك بەیان ناکات، ئەگەر هەموو شتێکیش لەئەدەب بەیان کرابا، ئەوا لەمێژوو بوو ئەدەب ببووە دیاردەیەکی سروشتی. باران وەك هەناسەی سروشت، هیچ نهێنییەك لەپاش خۆی بەجێ ناهێڵێ. نهێنییەکانی گڕکان تەواوبوون و ئێستا دەزاندرێ کەی فلانە

گڕکان هاوار دەکات و ڕۆژێکیش دادێ وەخت و دەمی بوومەلەرزەکان بزاندرێن. کەواتە لەگینە سروشت قفڵ بدرێ، بەڵام ئەدەب قفڵ نادرێ، چونکە مرۆڤ ئەدەب دەنووسێ و خەیاڵی مرۆڤیش بەکێ قفڵ دەدرێ.

مادام ئەدەب هەموو شتێك بەیان ناکات، کەواتە ئەدەب لەقەیراندا نییە. ئایا هیچ پێوەرێکی زانستی بۆ شیعرو ڕۆمان و شانۆنامە هەیە، وەك ئەوەی کە بۆ باران و گڕکان و بوومەلەرزە هەیە؟!

مخابن هێشتان هەن شیعرو ڕۆمان و شانۆنامە بە باران و گڕکان و بوومەلەرزە دەچوێنن. هەر بۆنموونە هەیە دەڵێ:

شیعرێك دەخوێنمەوە وەك گڕکان بتەقتەوە.

ڕۆمانێك دەنووسم وەك بوومەلەرزە هەموو دونیا پێکدابدات.

مرۆڤ ئەدەب دەنووسێ، نەك سروشت. چاو لەسروشت کردنیش فەلسەفەیەکی کۆنە. مرۆڤ کائینێکی تەقەتکراوی ئەبەدییەو بێگومان نهێنییەکانی سروشتیش ئاشکرا دەبن.

زمان کبریای ئەدەبەو هەروەها ئەدەب کائینێکیماڵی نییە. ماڵی بوون، واتە داپەرستن. هەر ئەدەبێك داپەرستبێ، مانای وایە ئەدەبێکە ئیشی لەکبریای زمانی ئەدەب نەکردووە، بەڵکو ئیشی لەزمانی ئایینەکان کردووە.



Scanned with CamScanner

ئایینەکان سندووقی ڕەشی دابەکانن. لەو دابانەی کە ئەدەب لەئایینەکان فێری بووە، هەر بۆ نموونە دابی فەرمانسالاری و دابی پەرستن.

زمان لەئایینەکاندا کائینێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام زمان لەئەدەبدا کائینێکی پارادۆکسییە. هەروەها لەجیاوازییەکانی دیکەی نێوان زمانی ئەدەب و زمانی ئایینەکان، زمانی ئایینەکان بۆ خوێنەرە، بەڵام زمانی ئەدەب ئیش بۆ خوێنەر ناکات، بەڵکو ئیش لەکبریای خۆی دەکات. واتە زمانی ئایینەکان خوێنەر بەرەو ماڵی بوون دەبەن، بەڵام لەئەدەبدا خوێنەر ئازادە.

فەرمانسالار، واتە دیکتاتۆر

پەرستن، واتە دیل

ئەدەبێك فەرمان بەخوێنەر بکات، ئەو ئەدەبەیە کە چاو لەئایینەکان دەکات و ئەوکاتەش زمانی ئەو ئەدەبە وەك زمانی یاساکان و وەك زمانی پرۆگرامەکان و وەك زمانی جاڕنامەکان دەبێتە بەشێك لەزمانی ئایینەکان.

زمانی ئەدەب زمانی کبریاو زمانی ئازادیخانەیە، نەك زمانی پەرستن و فەرمانسالاری.

مخابن، دابی فەرمانسالاری و دابی پەرستن هێشتان لەکن ئەو ئەدیبانە هەیە کە نەیانتوانیوە زمانی ئەدەب و زمانی ئایینەکان لەیەکتر هاوێر



Scanned with CamScanner

بکەن، یان هێشتان پێیانوایە دەبێ زمانی ئەدەبیش وەکو زمانی یاساکان و وەکو زمانی پرۆگرامەکان و وەکو زمانی جاڕنامەکان، بەشداری لەدەستێوەردانی ژیانی خەڵك بکات.

ئەدەب زمانی کائینێتی خۆی لەدەست بدا، دەبێتە ئایین. هەر بۆنموونە، ئەگەرچی گاتاکانی ئاڤێستاو قەولەکانی ئێزیدی بە شیعر نووسراون، بەڵام ئایینن، ئەدەب نین، چونکە زمان لەو شیعرانەدا کائینێکی کۆمەڵایەتییە.

ئەدەب بێ حزبە، وەك چۆن بێ ئایینیشە. ئەو ئەدەبەی حزبداریش بێ، ئەدەبێکە ئیش لەزمانی مومکینات دەکات، نەك لەزمانی موستەحیلات.

ئەدەب قەفەس ناکرێ، بەڵام حزب خۆی لەخۆیدا قەفەسە. ئەدەبێکیش لەناو قەفەس دابندرێ، ئەوا وەکو ئەو گایە وایە کە لەگەڵ شێرێك لەناو قەفەسدابێ. ئەوکاتەش، یان دەبێ گایەکە شێرەکە ماڵی بکات یان شێرەکە گایەکە دەخوات.

هەر بۆنموونە، ئەو ئەدەبەی چووە ناو قەفەسی ستالین، بووە جەمی شێرەکەو بەڵام ئەدەبی باسترناك مایەوە، بۆ؟

هەروەها ئەو ئەدەبەی ناو قەفەسی سەددام حوسێنی هەڵبژارد، ئەویش بووە خواردنی شێرەکە، بۆ؟

ئەدەب بێ لایەنەو ئەگەر ئەدەب لایەنداریش بکات، مانای وایە ئەدەب بیەوێ و نەیەوێ ناو قەفەسی لەقالب پێ خۆشترە، لەوەی لەئازادیخانە بژی. ئەوکاتەش ئەدەبێك هەیە تەنیا دەتوانێ ئیش لەزمانی مومکینات بکات، نەك لەزمانی کبریای خۆی کە زمانی موستەحیلاتەکانە. جیاوازییەکانی نێوان زمانی حزب و زمانی ئەدەبیش، وەکو جیاوازییەکانی نێوان زمانی مومکیناتەکان و زمانی موستەحیلاتەکانە. لەو جیاوازییانەش، وەك:



Scanned with CamScanner

زمانی ئەدەب ئازادیخانەیە، زمانی حزب قەفەسە. زمانی ئەدەب سانسۆری لەسەر نییە، زمانی حزب سانسۆری لەسەرە. زمانی ئەدەب پێویستی بەجەماوەر نییە، زمانی حزب پێویستی بەجەماوەرە. زمانی حزب پێویستی بەئەدەب هەیە، زمانی ئەدەب پێویستی بەحزب نییە.

شاعیرێك لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (لەسەر داوای حزب حەفت ساڵ شیعرم نەنووسی).

حزب دەتوانێ لەگەڵ شێرێك لەناو قەفەسدا بژی، چونکە حزب خۆی لەخۆیدا قەفەسەکەیە، بەڵام موستەحیلە ئەدەب بتوانێ گای ناو قەفەس بێ، چونکە شێرەکە دەیخوا.

ئەدەب لەبن بانی فەلسەفەو زانستیش ناحەوێتەوە، چونکە فەلسەفە لەهۆیەکانی پەیدابوونی کەون دەپێچتەوە، زانست بەدوای یاساکانی کەون دەگەڕێ، ئەدەب خۆی لەخۆیدا کەونەو ئایا کەون بانی هەیە؟ ئەگەر کەون کۆتایی هەبێ، ئەدەبیش کۆتایی هەیە.

هەروەها ئەدەب کار لەحیکمەت و زیرەکی ناکات و ناشتوانێ جێی زانست و فەلسەفە بگرێتەوە، وەك چۆن ناکرێ فەلسەفەو زانستیش جێی ئەدەب بگرنەوە.

ئەگەر قەیران لەکەوندا هەبێ، ئەوە مانای وایە زانست کۆنترۆڵ نەکراوە یان خەلەل لەفەلسەفە هەیە، چونکە ئەگەر فەلسەفەیە ئەگەر زانستە، کامڵ نابن هەتا زمانی ئەدەب بگەڕێ. واتە فەلسەفەو زانست و ئایین و سروشتیش وەك حزب ئیش لەزمانی مومکینات دەکەن، بۆیە بەردەوام قەیرانیان هەیە. مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە بانی نییە کە ئیش لەزمانی ئەدەب دەکات. هەروەها هەموو فۆلکلۆریش ئەدەب نییە. هەندێ لەو حەکایەت و گۆتنە فۆلکلۆرییانەی کە هەتا ئێستاش بەئەدەب دادەندرێن، زمانی مومکیناتیان هەیە، نەك زمانی موستەحیلات. واتە ئیشیان لەزمانەکانی کە بانیان هەیە، کردووە.



Scanned with CamScanner

هەر بۆنموونە، لەحەکایەتی ئەو پیرەمێردەی کە کوڕەکانی لێی وەڕس دەبن و دەیفرۆشن، پیرەمێردەکە چۆن زانی ئەو ئەسپەی کە بەدیاری لە شایەك بۆ شایەکەی ئەو ناردراوە، بە هێلکەیی لەبن عەلەشیش داندراوەتەوە؟ یان پیرەمێردەکە چۆن زانی شایەکەی ئەو لە شازادان نییەو کوڕی ژنێکی نانکەرو پیاوێکی قەسابە؟

لەو حەکایەتەدا پیرەمێردەکە هێزی پاراسایکۆلۆژی هەیە. هێزی پاراسایکۆلۆژیش زمانی زانستە، زمانی پارادۆکسی نییە.

فۆلکلۆر بابی هەموو زمانەکانی مرۆڤە، بەڵام ئەدەب و فەلسەفەو ئایین و سروشت و حزب و زانست هەریەکەو زمانی خۆیان هەیەو هاوێرکردنی ئەو زمانانەش ئاسان نییە، چونکە وەك گوتوویانە مرۆڤ کائینێکی غەریبە.هەروەها ئەدەب کائینێکی سیاسی نییە، ئەو ئەدەبەی ئیش لەزمانی سیاسەتیش بکات، عومری کورتە. ئەدەب قامووسێکی پارادۆکسییە، بەڵام سیاسەت قامووسی ئیشکردنە لەواقیع. هەر بۆنموونە:کلاوێك لەناو کتێبی هەزارو یەك شەوەدا هەیە، هەرکەسێ لەسەری خۆی بنێ، کەس نایبینێ. کابرایەك لەرۆمانی کوێری ساراماگوادا هەیە لەناو ترومبێلەکەی لەترافك لایت چاوەڕوانی گڵۆپی سوور دەکات، بەڵام کە گڵۆپە سوورەکە پێ دەبێ ئەو ئاگای لێ نییە، چونکە لەم ماوەیە کورتەدا، کابرا هەردوو چاوی کوێر بووە. سان جۆن پێرس لەشیعرێکدا بەلەمی بەژن داناوەو ئەو پیاوەی سەولیش لەناو بەلەمەکە لێدەدا، هەست بەچێژی سێکسی دەکات. بەیتی شێخ فەرخ، ئەو لافاوەی لەکتێبە ئایینییەکاندا هەیە، سامورایییەکان، ئەو ژنانەی ڕەدوو دەکەون، ئەو شیعرەی نالی بۆ کەری نووسیوە، لەشانۆگەرییەکەدا ورچێك دەف لێبداو کەڵەبابێکیش لەناو پێڵاوی ژنێك بنوێ،

لەچیرۆکێکدا کابرایەك درەنگەشەوێ بگەڕێتەوە ئوتێل و لەدالانی ئوتێلەکەش پێ لەسیسرکەیەك بنێ، ئایا ئەمانە کاری سیاسین؟ ئەگەر کاری ئەدەبی بن، دەکرێ کڵاوەکەی ناو کتێبی هەزارو یەك شەوە بە کۆنەپەرست یان بەپێشکەوتنخواز دابندرێ؟ هەروەها ئایا کابرای ناو ڕۆمانی کوێری ساراماگوا، کابرایەکی پێشکەوتنخوازە یان کابرایەکی کۆنەپەرستە؟ ئایا لافاوەکەی ناو کتێبە ئایینییەکان، هەروەها شێخ فەرخ و هەردوو شیعرەکەی نالی و سان جۆن پێرس و ئەو کابرایەی پێی لەسیسرکەیەك نا، یان ئەو ورچەی دەف لێبدا، کۆنەپەرستن یان پێشکەوتنخوازن؟ لەتێکستی ئەدەبیدا شتێك نییە ناوی کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازی بێ، ئەو ئاوە سیاسەتمەداران ڕشتوویانەو هەندێ ئەدیبی عومر کورتیش پێیان لێ نا، دەنا کێ دەوێرێ بڵێ ئەو کەڵەبابەی لەناو پێڵاوی ژنێك دەنوێ، کەڵەبابێکی کۆنەپەرستە یان کەڵەبابێکی پێشکەوتنخوازە؟بێگومان ڕەوایە بگوترێ کتێبی میری ماکیاڤیلی کتێبێکی کۆنەپەرستانەیە یان کتێبێکی پێشکەوتنخوازانەیە، چونکە لەم کتێبەدا ئیش لەزمانی ئەدەب نەکراوە.لەسەرەتادا ئەفسانە زمانی ئەدەب بوو، ئێستاش ئەدەب ئەفسانەیە. هەر بۆنموونە: گلگامێش نیوەی مرۆڤ بوو، نیوەی خوا بوو. زوحاك دوو ماری لەسەر شان هەبوو. لەڕۆمانی جینی ئالان ڕۆب گرێ، جینی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەیەك کاتدا هەم منداڵەو هەم پیرەمێردە، هەم ژنەو هەم پیاوە، هەم قوتابییە و هەم مامۆستای زانکۆیە. لەشانۆگەری ڕۆبۆتی کارل چاپیك، مرۆبۆتەکان پاش ئەوەی هەست بەچەوسانەوە دەکەن، لەدژی مرۆڤ مان دەگرن.

لەمەولوودنامەکانی خۆماندا ئەرز لەسەر بەردە، بەرد لەسەر گایە، گا لەسەر ماسییە، ماسی لەسەر ئاوە، ئاو لەسەر بایە، با لەسەر هەوایە، هەوا لەسەر تاریکییە، لەژێر تاریکی کەس نازانێ چ باسەو چ هەرایە.

لەحەکایەتەکانی سۆری چاوشین و گرموز و کۆلکە دارماندا.
لەئەفسانەی پیجمالیۆنی گریکدا، هەروەها لەرۆمانی فیلی داواکراو کە پاڵەوانەکەی پیاوێکی ئەوروپاییەو لەیەکێك لەدارستانەکانی ئەفریقیا مەسخ بووەو بۆتە فیل.
لەشیعریشدا، لەسروودەکانی ئەلدۆمۆرۆی لۆتریامۆن و لەگۆڕستانی دەریایی پۆل ڤالیری.
زمان لەئەفسانەدا کائینێکی پارادۆکسییە، واتە ئەفسانە ئیش لەزمانی موستەحیلات دەکات، کەواتە زمانی ئەفسانەش وەك زمانی ئەدەب لەواقیعدا نییە، بەڵام لەواقیعیشدا هەیە.
ئەگەر هیگڵ پێی وابێ دیکارت لەبواری فەلسەفەدا قارەمانی مۆدێرنیتەیە، ئەوا هەر لەسەرەتادا ئەفسانە ئەدەبێکی مۆدێرنیتە بووە، چونکە لەزمانی ئەفسانەشدا مرۆڤ و عەقڵ و ئازایەتی، نەك وەك
زمانی فەلسەفەو زانست و سیاسەت و سروشت و حزب، بەڵکو وەك زمانی ئەدەب هەن.ئەگەر لەمێژوودا، مرۆڤ و عەقڵ و ئازایەتی بەسێ کۆڵەگەی گرنگی دامەزراندنی مۆدێرنیتە دابندرێن، ئەوا زمانی ئەدەب هەر لەسەرەتاوە، پێش هاتنی دیکارتیش ئیشی لەم سێ کۆڵەگە گرنگەی مۆدێرنیتە کردووە. هێشتان ئەفسانەکان وەك زمانی ئەدەب ماون، چونکە ئەفسانەکان بابی مۆدێرنیتەن، کەواتە ئەدەب بابی مۆدێرنیتەیە.ئەدەب مەعبەدی زمانەو زمانی ئەدەبیش عیبادەتە، بەڵام زمانی ئەدەب عیبادەتی شتێك ناکات. ئەی زمانی ئەدەب عیبادەتی کێ دەکات؟ لەخۆی زیاتر عیبادەتی کەس ناکات. ئەی زمانی ئەدەب کێ عیبادەتی دەکات؟ لەخۆی زیاتر کەس عیبادەتی ناکات. بۆ؟چونکە ئەگەر عیبادەتی خۆی نەکرد، ئەوا دەبێتە مومکینات. کەواتە زمانی ئەدەب، تەنیا وەك ئەدەب ئەدەبەو ئەگەر وەك ئەدەبیش عیبادەتی خۆی فەرامۆش کرد، ئەوا مانای وایە ئیشی لەزمانی مومکینات کردووە.

لەکتێبی ژیانی پێغەمبەرانی محەمەد شەڵماشیدا ئەدەب هەیە، بەڵام ئەدەب وەك ئایین هەیە، نەك ئەدەب وەك ئەدەب، چونکە زمانی ئەدەب لەم کتێبەدا عیبادەتی شتێك دەکات، نەك عیبادەتی خۆی. لەکتێبی فۆلکلۆر لەسەردەمی تەوراتدا، فریزەر بەدوای سەرچاوەکانی ئەو لافاوە دەگەڕێ کە لەکتێبە ئایینییەکاندا باسی کراوە، بۆئەوەی بیسەلمێنێ لافاوەکە لەواقیعدا هەبووەو خەیاڵی بابلییەکان نییە.

هەر لەو کتێبەدا، فریزەر چەندین چیرۆك دەگێڕێتەوەو چیرۆکەکانیش لەهەندێ لەو چیرۆکانەی کە بە ئەدەب داندراون، ئیشراقاتیان کەمتر نییە، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی ئەدەب لەچیرۆکەکانی فریزەردا عیبادەتی خۆی نەکردووە، بۆیە چیرۆکەکانی بەئەدەب دانانرێن.نیچە لەکتێبی زارا وای گوت، تێر پەخشان بووە. هەروەها ئینجیل، بەڵام یەکەمیان وەك فەلسەفەو دووەمیشیان وەك ئایین، بۆیەش ئەم دوو کتێبە نەبوونە ئەدەب، چونکە زمان لەم دوو کتێبەدا بۆ فەلسەفەو بۆ ئایین ئیشی کردووە، نەك بۆ ئەدەب.

لەتێکستی زەبوونێ مەکسووردا کە قەولێکی ئێزدیانە، لەیەکێك لەدێڕەکانیدا باسی بەڕوحهێنانی ئادەم کراوە (هەتامۆزیك بۆ ڕوح لێنەدرا، ڕوح نەچووە ناو پەیکەری ئادەم). لەم دێڕەدا زمان عیبادەتی خۆی فەرامۆش نەکردووە، چونکە ئیشی لەزمانی موستەحیلات کردووە. کەواتە ئەم دێڕە ئەدەبە وەك ئەدەب.دەکرێ ئەدیب پیاوی مەعریفەکان بێ، بەڵام ئەدەب پیاوی بن دەستی مەعریفەکان نییە. من ئەو مرۆڤانەی وەك بۆمب خۆیان دەتەقێننەوە، بەمانیفێستی پێنجەمی فۆرمی گران دادەنێم.



Scanned with CamScanner

**(١)ی ئایاری ٢٠٠٤**
**١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤**

*ئەم مانیفێستە بەناوی (ئـەدەب) لـەژمارە (١)ی ڕۆژنامـەی سـتایل وەك گۆشە بە (١١) ئەڵقەی یەك لەدوای یەك بڵاوكراوەتەوە.



Scanned with CamScanner